## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٨١) لە ٢٠٢٥/٦/٤

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٣) لە ٢٠٢٥/٦/٤، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. لێخۆشبوونی کوڕ و کچی شەهیدان لە بڕی پارەی ماوەی پێشینەی هاوسەرگیری کە لە ساڵانی پێشووتردا وەریانگرتووە، و تەنها بۆ ئەوانەیان کە سوودمەند نەبوون لە وەرگرتنی بەخشش (منحة)ی هاوسەرگیری هاتوو لە (ماددەی حەوتەم/ بڕگەی دووەم/ ١) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) هەموارکراو.
٢. بڕگەی (١)ی سەرەوە خودی زیندانی کراوی سیاسی و گیراوی سیاسی دەگرێتەوە بە هەمان لێخۆشبوون بە مەرجێک ئەوانیش سوودمەند نەبووبن لە وەرگرتنی بەخشش (منحة)ی هاوسەرگیری هاتوو لە ماددەی (شەشەم/ بڕگەی حەوتەم) لە یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی) هەموارکراو.
٣. ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی (کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ، دارایی و ئابووری) بۆ دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

٤. گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**